محەمەد حاجی مەحموود بە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە،پارتی سوسیالست دیموکراتی کوردستان کۆنگرێی هەشتەمی خۆی سازکرد،محەمەدی حاجی مەحمودی وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژارد.

حاجی مەحمود دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆکی پارتی سوسیالست دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:- بە بنەبڕکردنی گەندەڵی کۆنگرێی هەشت ئێنجامدرا

هەروەها وتیشی:کۆنگرێی هەشتەمی پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئێنجومێنی نوێی سەرکردایەتی کۆتاییهات.

باسی لەوەشکرد، کۆنگرێی ئەمجارە لە هەلومەرجێکی هەستیار و چارنووسسازدا بەڕێوەدەچێت، بەیە کۆنگرەکە گرنگی خۆی هەیە.

وتیشی، کۆنگرێی ٧ی حزبەکەی، دوو ساڵ بەر لەئێستا بەڕێوەچووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کێشانێکی گەرەشەوەن حزبیان بە بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا دوورخراونەتەوە و بە چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کارەکان و بنەبڕکردنی گەندەڵیەکانیش کۆنگرێی هەشت ڕێکخراوە.

جێی ئاماژەیە لە کۆنگرەکەدا حزب ناوی خۆی لە پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە بە پارتی

سەسیالیست دیموکراتی کوردستان گەلی و محەمەد حاجی مەحمودیش بە سەرۆک حزبەکە هەڵبژاردەوە.

هاوکات پارتی سەسیالیست دیموکراتی کوردستان ٥٠ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ١٠ ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتیشی هەڵبژارد.